# کێ جیهان بەڕێوەدەبات ؟

هەرگیز بەر گوێت کەوتوە کە جیهان لەلایەن چەند دەوڵەتێک ، چەند خێزانێک یا تاقە خێزانێک بەڕێوەدەبرێت ؟ جێی گومان نییە چەند خێزانێک یا تەنها یەک خێزان بتوانێ جیهان بەڕێوەببات ؟ کۆمەڵێک هەن تەواو دڵنیان کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی جیهان بەڕێوەدەبەن ، کۆمەڵێکی تر هەن - زۆرێک لە مسوڵمانانی جیهان - زۆر دڵنیان کە یەک خێزانی یەهودی جیهان بەڕێوە دەبەن بەناوی خێزانی ڕۆتشیڵد لەبەر دو هۆکار ، یەکەم چونکە زۆر دەوڵەمەندن ، دوەم چونکە بە تێڕوانینی زۆرێک لە مسوڵمانان هەمو پلانەکانی ئەم خێزانە دژی ئیسلامە. بێگومان هەردو تێڕوانینی سەرەوە زۆر ڕوکەش و سادەن ، چونکە ئەوەی جیهان بەڕێوەدەبات پەیوەندییەکی زۆر ئاڵۆزە لەنێوان کۆمەڵێک کۆمپانیا یا خاوەن کۆمپانیا کە ئەستەمە کەسێک بتوانێ بە ئاسانی لێیان تێبگات.

چەند هەزار کەسێک (کەمتر لە ١% ی دانیشتوانی زەوی) تەواوی مرۆڤایەتی بەڕێوەدەبەن کە لێرەدا بە دەستەبژێر ناویان دەبەین، سێ ئامانجی سەرەکی کۆیان دەکاتەوە کە بریتین لە (قازانج ، هێز ، کۆنترۆلکردن). ئەوان حەزدەکەن خەڵک ناتەندروست بن ، نەزان بن ، سەرگەرم بن ، لێک دوربن ، دابەشکراو بن ، تەنها بن ، بێ هێز بن و چاویان لە دەستی دەستەبژێر بێت تا ڕزگاریان بکات ، دەستەبژێر حەزدەکەن خەڵکی لە نەهامەتی بژین تا داوای یارمەتی لەوان بکەن و ئەوانیش لەپێناو سێ خاڵە گرنگەکەی سەرەوە هەمو هەوڵێک دەخەنەگەڕ.

دەستەبژێر بەوە دەناسرێنەوە کە دامەزراوە و زانکۆی تایبەتیان هەیە وەک (هارڤارد ، ئۆکسفۆر ، یەیڵ .....) ، هەر ئەوانن گەورەترین و بەناوبانگترین کۆمپانیاکای جیهان بەڕێوەدەبەن ، ڕێکخراوە ناحکومییەکانیش هەر هی ئەوانن ، سەرۆکی وڵاتان و سەرۆک وەزیران و ڕاوێژکارەکان هەر لەخۆیانن ، دەزگا هەستیارەکان و دەزگاکانی سیخوڕی ، سی ئای ئەی ، ئێف بی ئای ...هتد ، هەمو ئەوانەی سەرەوە پەیوەندیی توندوتۆڵیان بەیەکەوە هەیە ، وەک خەڵکی تر لێک دور و دابەشکراو نین ..

دەستەبژێر کۆمپانیاکانی پەیوەندی و کۆمپانیا ئەلیکترۆنییەکان بەڕێوەدەبەن ، خاوەنی گەورەترین بانکەکانی جیهانن ، خاوەنی گەورەترین کارگەکانی دەرمانن ، خاوەنی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و لێکۆڵینەوەی زانستین . بەڕێوەبەران لە هەمو کۆمپانیاکانی سەرەوە جێگۆڕکێ دەکەن و هەمویان یەکتر دەناسن و پێکەوە لە بۆنە و کۆبونەوە گشتی و تایبەتەکان دەبینرێن.

تا ئێستا باسی قازانج و هێز بو ، دەستەبژێر بۆ کۆنترۆلکردنی جیهان دەزگای سینەمایی هۆلیوود و دەزگای میدیایی زۆر بەهێزی وەک سی ئێن ئێن و بی بی سی و کۆمەڵێک دەزگای تریان هەیە ، هەروەها تۆڕی کۆمەڵایەتیی بەهێزی وەک فەیسبوک و تویتەر و زۆری تریان لەبەردەستە کە لەوێش کۆمەڵێک کەسایەتیی بەناوبانگیان هەیە بۆ ئاڕاستەکردن و کۆنترۆڵکردنی خەڵک وەک ئیلۆن مەسک ، ترامپ ،بۆش ، ئۆباما ، شاژنی بەریتانیا ...هتد . هەمو مەبەستیشیان هێشتنەوەی خەڵکە لە تاریکی و نەهامەتی ، ئەوان بەهۆی داتاکانی تەکنۆلۆجیاوە دەزانن گوزەرانی خەڵکی چۆنە ، فەیسبوک و گوگڵ و یوتیوب بەهۆی گەڕانەکانی خەڵک چاک دەزانن خەڵکی حەزی لە چییە ، پێویستیی بە چییە ، کێی خۆش دەوێ ، رقی لە کێیە .... سەرسام مەبە گەر پێت بڵێم ئینتەرنێت لە خۆت باشتر دەتناسێ !

تا خەڵکی نەخۆش و خەمبار بن بۆ دەستەبژێر باشترە ، خەڵکی قەڵەو دەبن ، توشی شێرپەنجە دەبن ، توشی شەکرە دەبن ، بەڵام ئەوان پارەی زیاتر لە ڕێکلامی شکولاتە و نەستەلە و خواردنەوە گازییەکان خەرجدەکەن ، لە کۆتاییدا هەر خۆیان خاوەنی کارگەی شیرینی و کارگەی دەرمانن و لە هەمو بارەکان هەر خۆیان براوەن چونکە تا خەڵکی ناتەندروست بن دەرمانی زیاتر دەفرۆشرێت.

بۆ نمونە کاتێک خەڵکی گرفتارن بەدەست قەڵەوی ئەوان بەرنامەیەک یا فیلمێکی سەرنجڕاکێش و بەهێز دروست دەکەن و تیایدا قەڵەوی بە شێوەیەکی هێند جوان پیشان دەدەن هەر حەزدەکەیت قەڵەو بیت ! واتە ئەوان بەهۆی هێزی میدیا و پارە نەک هەر شتی ناتەندروست دەکەن بە تەندروست بەڵکو وا لە خەڵک دەکەن شتی خراپ و ناتەندروستی لا ئاسایی بێت. ئەوەتا هەمومان دەزانین کۆکا کۆلا و پیپسی چەند زیانبەخشن کەچی پڕفرۆشترین خواردنەوەکانی جیهانن. دەستەبژێر کارێکی زۆر مەترسیدار دەکەن کە زۆرینەی خەڵک لێی بێئاگایە ، ئەوان پشتگیری و بوجە بۆ هەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستی تەرخان دەکەن کە لە بەرژەوەندیی خۆیاندابێت ، لە بەرامبەریشدا ناهێڵن هیچ لێکۆڵینەوەیەک بڵاوبێتەوە کە زیان بە بەرژەوەندییەکانی ئەوان بگەیەنێ ، بۆ نمونە هەرگیز پشتگیریی لێکۆڵینەوەیەک ناکەن کە باسی زیانەکانی شەکر و مادە پارێزەرەکانی ناو خواردن و خواردنەوەکان بکات ، بەڵکو دژایەتیی دەکەن و پڕوپاگەندەی زۆر بەهێز دژی دەخەنەگەڕ لەڕێگەی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بوکەڵەکانیان ، بەمەش وەک هەمیشە دەنگی زانست لەنێو غەڵبەغەڵبی عەوام ون دەبێت.

دەستەبژێر وا لە خەڵک دەکات باوەڕی بەوە بێت کە ترامپ یا بایدن جیهان دەگۆڕێت و کێشەی سیاسیی نامێنێت ، لەلایەکی تریشەوە پەیامی خۆشبەختی و کامەرانی و سەرکەوتن لە میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبەخشنەوە بۆ ئارامکردنەوە و دامرکاندنەوەی بێ ئومێدیی خەڵک . گرنگترین کار کە دەیکەن ئەوەیە ئومێدی ڕزگاری و چارەسەر بە خەڵک دەدەن لەسەر دەستی کۆمەڵێک بوکەڵە کە هیچیان بەدەست نییە و تەنها داشی دامەن لە یارییەکی زۆر ئاڵۆز و قێزەوەن .

هەرگیز نەتپرسیوە ئەرێ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و زلهێزەکان کام کێشەی جیهانیان چارەسەرکردوە ؟ فەڵەستین ؟ کشمیر ؟ ڕەنگە نوێترین شانۆگەری بەهاری عەرەبی بێت کە تیایدا چەند وڵاتێک وێران کران بە ئومێدی باشتر بون کەچی دوای بەکوشتدانی سەدان هەزار کەس لە چەندین وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، ئیستا بارودۆخ لە جاران زۆر خراپترە !!

پێم سەیرە لە وڵاتانی جیهانی سێیەم خەڵکێک هەن ناوی سیسەتمەداریان لەخۆیان ناوە ! ئاخر نەک سیاسەتمەدار بەڵکو هەمو سەرۆکەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەم بەقەد یەک بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیایەکی دەستەبژێر دەسەڵاتی نییە .هەرکات بەرژەوەندیی دەستەبژێر لەگەڵ ئەوەدابو حکومەتێک لەناوببرێ ئەوا لەناو دەبرێ با هەمو جیهانیش دژ بێت .

ئەوەی جێی سەرنجە لای دەستەبژێر ئاین و  ئایدۆلۆجیا و نە نەتەوە هیچ گرنگییان نییە ، ئەوان تەنها بەدوای بەرژەوەندەییەوەن ، ئەوان پشتگیریی قاعیدەیان کرد کە سەرسەختترین دوژمنی خۆیانە ، بەڵام چونکە قاعیدە دژی ڕوسیا دەجەنگا ببو بە هاوپەیمانیان ، لە جەنگی جیهانی چەکیان بە هەردو لایەن دەفرۆشت ، گرنگ نییە کێ سەردەکەوێ ، لە کۆتاییدا هەر خۆیان خاوەنی جیهانن .

ئێمە وەک کورد لەم هاوکێشە ئاڵۆزانەدا هیچ جێگایەکمان نییە ، چونکە هیچکات لێیان تێنەگەیشتوین ، بۆیە هەمیشە سوتەمەنی و قوربانیی شەڕەکانی دەستەبژێر و بوکەڵەکانی بوین ، مێژو باشترین گەواهیدەرە بەڵام بە داخەوە هیچ وانەیەک فێرنەبوین! کورد و بزوتنەوەکانی هێشتا لە سنوری پارت و خێڵ و عەشیرەت دەرنەچون ، لە هەرێمێکی ٥ ملیۆنی نزیکەی سەد پارتی سیاسی هەن کە هیچیان دانی خێر بەوی تریان دانانێ ! ئەگەر هەمو کوردی جیهانیش یەکبگرن و یەکدەنگ بن کە نزیکەی ٥٠ ملیۆن دەبێت هێشتا هیچ سەنگێکی نابێ چونکە گەلی بێ وڵات کەس گوێی بۆ ناگرێ ، بەڵام ئەگەر میللەتێکی ٥٠ ملیۆنی یەکبگرێت و لە هاوکێشە جیهانییەکان تێبگات ئەوکات ئەگەری هەیە بچێتە ناو هاوکێشەکان و ببێت بە ژمارەیەک ئەگەرچی بچوکیش بێت ، کورد تا ئێستا نەچۆتە ناو مێژو هەر بۆیە نە مێژوی هەیە و نە ئێستا و نە داهاتوش.